


# ئەو گوڵانەی لە گوڵ ناچن





کاتێك تەماشای گوڵ و گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگ دەکەین، هەستێکی جوانمان پێدەبەخشن و بۆیە دەمانەوێ نزیکیان بینەوە و بۆنیان بکەین، هەموومان دەزانین کە شێوەی گوڵ چۆنە، بەڵام ئەو گوڵانە لە شێوەی سرووشتی خۆیان لایانداوە و جیاوازن، بەبێ ئەوەی کەسیش دەستکاریان بکات لەو کاتەی گەشەیان کردووە، زۆربەی ئەو گوڵانە شێوەیان لە جووڵە و شێوەی مرۆڤ دەچن، هەروەها زۆربەی ئەو گوڵانەش لە دارستانەکانی وڵاتانی ئوسترالیا و بەرازیل و کەنەدا دۆزراونەتەوە، ناوی زانستی ئەو گوڵانە بریتیین لە : (فالینۆپیس، ئۆرکەد، ڤادەر)، هەر یەکە لەم گوڵانە شێوەیەکی دیکەیان وەرگرتووە، شێوەی ئەو گوڵانە زیاتر لە شێوەی منداڵ و دەمی مرۆڤ و باڵندە و کەسێکی سەماکەر دەردەکەون.

## کەنگری بەهاران بخۆ



لەگەڵ هاتنەوەی وەرزی جوانی بەهار، کۆمەڵێك گیای بەهاری دەرکەون، لەوانە : تۆڵکە و کاردی و دۆمبەڵان و کەنگر، هتد. ئەمجارەیان باس لە جۆش و خرۆشی خواردنی کەنگر دەکەین، کە گیایەکی خۆڕسکە و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەڕوێت، بە تایبەت لە چیای قەرەچوغ و دەشتی قەراج و کەندیناوە بە ڕێژەیەکی زۆر دەردەکەون، کەنگر ئەو بەشەی دەخورێت دەکەوێتە ژێر زەوی، ئەو بەشەی لە سەرەوەی زەویشە زیاتر دڕکە، دوای ئەوەی بە پیشەقان کەنگر هەڵدەکێنرێت، پاشان چاك دەکرێ بە لێکردنەوەی دڕکەکەی، دواتر ئامادە دەبێ تا بکرێتە خواردن، خانمانی کورد زیاتر کەنگر بە تۆلکە و هێلکە و ساوار لێدەنین، بەڵام زیاتر کەنگر بە هێلکەی مریشکی خۆمانە دەکرێت، خواردنێکی خۆش و بەتامە، هەروەها هەندێکیش حەز بە کەنگر بە ساوار دەکەن، خواردنێکی بەهێزە و پتەوە بە کانزایی باش بۆ تەندروستیی مرۆڤ، تەنانەت لە نێو خەڵك بە گۆشت بەرخ ناسراوە، چونکە ئەگەر کابانێکی باش کەنگرەکە بە جوانی ئامادە بکات، تام گۆشت بەرخی دەبێ.



# جوانترین کوندەبوو

لە دوورەوە شـــێوەی لە باز دەچێ، بە چاوە زەرد و رنۆکە تیژەکانی گیاندارانی دیکە لێی دەترســـن، کەچی شێوەی ســـەرنجڕاکێش و جوانـــە، بـــە جوانترین باڵنـــدەی جیهان دادەنرێت، کوندەبووی بەفرینی، ڕەنگ ســـپی و چاو زەردە، ناوی زانستی خۆی (ستراگیفۆرمیس)ە باڵندەیەکی بەهێز لە فڕین و زیرەك لە ڕاودا، تەنانەت شەوانەش دەتوانێت بفڕی و ڕاوی خۆی بکات، دەتوانێ سەر و ملی بە پلەی (١٨٠) پلە بســـووڕێنێتەوە، بەڵام وادیارە ئەو جـــۆرە کوندەبوویە لە کۆتایی لە ناوچووندایە، چونکە تەنیا چەند جووتێکی ماوە، ئـــەو کوندەبوویە لە وڵاتی کەنەدا و ویلایەتی ئەلاســـکای ئەمریکی دۆزراوەتەوە، زیاتر لە شوێنی بەستەلەك و بەفرینی دەژی، ئەو وێنانەش لەلایەن وێنەگرێکی ئەمریکی بەناوی (دەیڤەید هیمینگ) گیراوە، لەو کاتەی خەریکی ڕاوە.



# لەیدی گاگا لە ڕەفتارە سەیروسەمەرەکانی بەردەوامە

لەیـــدی گاگای کچە گۆرانیبێژ و ئەســـتێرەی ئەمریکی، ماوەیەکە بۆتـــە جێگـــەی باس و خواســـی خەڵك و تەنانەت ســـەردێڕی زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهان، بەهۆی ئەو ڕەفتارە ســـەیرانەی کە دەیکات بەتایبـــەت کاتێك لە نێو خەڵکدا دەبێت. زۆربەش دەڵێن، ڕەنگە بە دەردەکەی بریتنی سپێرز بچێ، ئەوەتا لە دواترین دەرکەوتنی لە نێو خەڵکدا، تەنیا بە تیشیرتێك بووە، بەبێ ئەوەی جلی دیکەی لەبەر بێت، هەروەها لەسەر تیشێرتەکەی نووسراوە: من عارەقە ناکەم، من سەرشێتم و خۆم دەردەخەم! بەم شێوەیەش بە نێو شەقامەکانی (نیوئۆرلیانز)ی ئەمریکی دەسووڕایەوە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە ماوەی ڕابردوو ئەوەندە فەرامۆشیت پێوە دیار بوو، کە ئێستا باجەکەی دەدەیت، بەڵام هەستکردن بە کێشەکانت دەبنە هۆی سەرکەوتنت، لەگەڵ کەسانی نزیکت مامەڵەت خۆشتر بکە و کاری خراپ لە کەس قبووڵ مەکە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕەنگە هەست بەو تاوانە بکەیت کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لەگەڵ ئەو هاوڕێیەت کردت، ئێستا دەتوانی ڕەوشەکە چاك بکەیتەوەو داوای لێبوردن بکەی، دڵت گەورە بێت و کارەکانت بە گەشبینی ببینە، سەرکەوتن بەڕێوەیە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەمیشە کار لە پێناو ماندووبوونت بکە و ئەوەی بیەوێ ئازارت بدات، ناتوانێت و لێت دوور دەکەوێتەوە، کەسێك نیازێکی پاکی بۆت هەیە، تۆش ماوەیەك ڕێگەی بدە، ئەگەر زانیت بۆت باشە لێی قبووڵ بکە و ئەگەریش بە دڵت نەبوو لێی دوور بکەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کاتێك بیر لە ڕابردوو دەکەیتەوە، هەست بە پەشیمانی دەکەیت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ژیانت تاڵ بکەیت و بیر لە داهاتوو نەکەیتەوە، بەڵکو دەبێ ڕابردوو لە بیر بکەی و بیر لە کارەکانت بکەیتەوە، هەوڵبدە لە کارەکانت جددیتر بیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ماوە ماوە هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکەیت، ئەوەش سرووشتییە و لە ژیانی هەمووان‌دا هەیە، بیر لە کارەکانت بکەوە و زیاتر خۆت ماندوو بکە، تا بەو ئاواتە بگەیت کە ماوەیەکە لە دڵتە، هەمیشە حەز و خولیایەکانت لە بەرچاو بگرە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەندێك لە بۆچوونەکانت مایەی ئەوەن کە گرنگییان پێبدەیت، دەبێ ئاگاداری کەسانی نزیکیشت بیت و خۆتیان لێ دوور نەخەیتەوە. هەندێ کات بیرۆکەی جوانت هەن، بەڵام بۆت جێبەجێ نابن، بەڵام دڵکراوە و گەشبین بە تا بە ئەنجام دەگەیت.




# مانای خەون

## - گورگ:

زۆر جار لە خەونەکانماندا خەون بە گورگەوە دەبینین، وەك دەزانین گیاندارێکی دڕندەیە و هەر بە بینینی ترس دەمانگرێت، ئاخۆ دەبێ لە خەودا مانای چ بێت؟ گورگ لە خەودا مانای دوژمنێکی دڕندە و دزە، کە ئەگەر گورگ بۆت هات، بزانە کە کەسێك نیازی زوڵمی هەیە لێت، یان کەرەستەیەکی بە نرخت لێ ون دەبێت، ئەگەر تەنیا گورگت لەلات بوو، یان خۆت گورگت بە خێو دەکرد، مانای زوڵمت لە کەسی دیکە کردووە، ئەگەر گورگیشت کوشت، واتە لە کێشەیەکی گەورە ڕزگارت دەبێت.

# کێ بڕوا دەکات ئەوە سعوودی بێت




ڕەنگە کە ئەو کچە جوانە ببینن بڵێن خەڵکی ڕووسیا و ئەورووپا بێت، بەڵام ئەگەر بتانەوێت بیناسن ئەو کچە خەڵکی وڵاتی سعوودیەیە، لە سعوودیە لە دایکبووە و ساڵانێکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی، ناوی (ڕۆز)ە، کە پێشتر ناوی خۆی ( ئیسرا ) بووە، کاری ئێستای نمایشکاری جل و بەرگە، وەك خۆی دەڵێ : حەز دەکەم بگەڕێمەوە وڵاتەکەم، بەڵام ئایا قبوڵم دەکەن بەم شێوەیە بچمەوە سعوودیە ! هەروەها دەڵێ : من ژیانم خۆشە و ئەوەی دەمەوێت لە ژیانم هەیە، بۆیە باشترە مرۆڤ وەك کیسەڵێك بیت و لەسەر ڕێگەی ڕاست بڕۆی، نەوەك ئاسکێك بیت و ڕێگای هەڵە هەڵبژێریت.

## بۆ زاخاوی مێشک

- لەم وێنەیەدا سەرۆکی وڵاتی رووسیا (ڤلادیمیر پۆتین) سەری سوڕماوە، هەوڵبدە بزانی بۆ وایکردووە ! بۆ ئاسانکاری لە شانۆیەکی منداڵان دانیشتووە.



## پەند و وتە!



**- مەکسیم گۆرکی سەبارەت بە کارئاسانی دەڵێت :**

کاتێك هەر کەسێك ژیان و کارەکانی بە ئاسانی و سادەیی بۆ ببێت، لەو کاتە تووشی هەڵە و شپرزەیەکی خێرا دەبێت، کە وا دەکات هەموو کارە ئاسانەکانی لە دەست بچێت.

## بۆ زانیاریت

### ژمارە (حەوت) :



وەك دەگوترێت ژمارە حەوت ژمارەیەکی بە بەختە، ژمارەیەکی خۆشەویستە، تەنانەت زۆربەی یاریزانە بەناوبانگەکان و باشەکانی جیهان ژمارەی حەوت دەبەستن، ئیدی با لێرەوە چەند زانیارییەك بزانین لەسەر حەوت و ئەو شتانە بە نرخانەی ژمارەیان حەوتە، رۆژانی هەفتە حەوتە، لە زانستیشدا حەوت ئاستی ئەلیکترۆن لە دەورەی ناوەکی هەن، لە جیهاندا (٧) دەریا هەن، زانایانی فەلەکناسیش دەڵێن: تەنیا حەوت جۆرە ئەستێرەی سەرەکی هەن، رەنگەکانی ناو تیشکی خۆر لە حەوت رەنگی سەرەکی پێکدێن.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کاتەکانت دیاری بکە و خەم لە رابردوو مەخۆ، ئەوەی رۆیشت ئێستا نایێتەوە، هەمیشە ئەرکەکانت بە کەسی دیکەی رامەپەڕێنە، چونکە ئەوەی خۆت لێی تێدەگەی، کەسی دیکە لێی تێناگات، کارکەشت بە تەواوی جێبەجێ ناکات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەگەڵ هەندێ لە کەسانی دەوروبەرت ناکۆکیت هەیە، هەوڵبدە بە ئاسانی ئەو ناکۆکییانە چارە بکەیت و رێگەی باشتر هەڵبژێرە، چونکە بە هەڵچوون و توندی هیچت بۆ ناچێتە سەر، لەم ماوەیەش کەسێك دەیەوێت بێتە ناو ژیانت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەو ماوەیە بۆ تۆ ناخۆش بوو، هەموو کاتێك وا لە خۆت مەکە کە هەست بکەی کەسێکی بەدبەختی، یاندڵت ناخۆشە، ئەو ناخۆشییە بەسەر هەموو کەسێکدا دێت، دەکرێ پشوویەك بدەیت و گەشتێکی بچووك بکەی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

چەند کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێشت، لەچارەسەرکردنیان بێزاری دەرمەبڕە، ئەگینا تەنگژەکان زیاتر دەبن، ئەوەندەش بەرامبەر بە خەڵکی بێگانە بەخەشندە مەبە و سەرەتا باری دارایی خێزانت باش بکە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێ لەو کەسانەی نزیکت ئاسوودەیی و خۆشی تۆیان دەوێت، بۆیە دەبێ لێیان نزیك ببیتەوە و هیوایەکی گەورەش بە خۆت ببەخشی. هەستت با ئەوەندە ناسك نەبێت. لە داهاتووی نزیکیش مزگینی گەورەت پێ دەدرێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ماوەیەکە هەست بە ناخۆشی دەکەیت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کاتێك بیر لە کارەکانت دەکەیتەوە، وادەزانی قورسن و بۆت جێبەجێ نابن، بەڵام هەوڵدانێکی پێویستە و ئەوکاتە بە ئامانجەکانت دەگەیت و دەبینیت ئەنجامی باشت هەبووە.